چیرۆکی وەرگێڕدراو

# - هەموو جیهان هەر خەریکن
# - مەڕ

دوو چیرۆکی سەلاح زەنگنە

لەتیف هەڵمەت: کردوویەتی بە کوردی




## هەموو جیهان هەر خەریکن

دایکم خەریکی گونکە هەویر و تەنوور داخستنە و ئەوەش باوکمە خەریکی هەڵکێشانی مووە سپێکانی سمێڵە چڕەکەی و هاڕینی داڵغەکانیەتی... بەڵام خوشکەکەم خەریکی ماکیاژ کردنی روخسار و قژەکەیەتی و برا بچکۆلانەکەشم خەریکی یارییە بچووکەکەیەتی... بەتەنیا من خەریکی هێڵی تەلەفۆنم...

هێڵی تەلەفۆنیش هەر خەریکە...

شەقام خەریکی تۆمبێل و تۆمبێلیش خەڵکە و خەڵکیش هەر خەریکن... دەلاک بەکاری سەرتاشینەوەو بۆیاغچی بەپێڵاو بۆیاغکردنەوەو بەقاڵ بەسەوزە و قەساب بە گۆشت و بەزاز بە کوتاڵەوە...

تەنیا من هەر خەریکی هێڵی تەلەفۆنم

هێڵی تەلەفۆنیش هەر خەریکە...

زەوی خەریکی سوورانەوەیە بەدەوری خۆردا و خۆر خەریکی گەرم کردنەوەی ئەستێرەکانە و مانگ خەریکی عاشقانە و دەریا خەریکی شێتێتی خۆیەتی و درەخت خەریکی چۆلەکەیە و چۆلەکەش خەریکی دڵدارییە..

بە تەنها من خەریکی هێڵی تەلەفۆنم

هێڵی تەلەفۆنیش هەر خەریکە..

زرنگەیەک لە ناخمدایە.. دەستم لەسەر دڵم لا دەبەم.. دڵم

خەریکە.. خەریکی زرنگەیە..

کەس وەڵامناداتەوە

دەسکی تەلەفۆنەکە دادەنێمەوە.. لە سۆنگەی زرنگانەوەدا

دڵم دوولەت دەبێ.. بێدەنگی لێم دەئاڵێ..

بێدەنگییەکی سامناک

هەموو جیهان هەر خەریکن..



سەرچاوە: کائنات صغیرة.

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی عێراق.

## مەڕ

چەند رۆژێکە سەرنج دەدەم پێستەکەم خوری لەسەر دەڕوێ.. ئەمڕۆش پێمزانیوە کە دوو شاخ لە تەوقی سەرمدا رووان و بە سزاواییەوە بەم بارودۆخە قایل بووم.

جلەکانم لەبەرکرد و کڵاوێکم لەسەرکرد و شاخەکانم لەژێریدا شاردنەوە و دەرچوومە سەرشەقامەکە و کاتێ دراوسێکەمانم بینی دەستپێشکەری سڵاوم لێ کرد و لەبری بەیانیت باش کەوتمە باعە باع لە بەرامبەری.. هەستم بە شەرم و شڵەژاندن کرد و بەوپەڕی خێراییەوە بەرەو فەرمانگەکەم رامکرد.. و چوومە ژوورەکەمەوە و لە جێگاکەی خۆمدا دانیشتم.. فەڕاشەکە خۆی کرد بە ژوورەکەمدا دەستبەجێ رایکردە دەرەوە.. دوای تاوێک لەگەڵ بەڕێوەبەردا گەڕایەوە و بەڕێوەبەر بە پێچەوانەی یاساو ڕێسای خۆی قاقا پێدەکەنی..

– ئەمە چییە مەڕێک لە جێگاکەی بەڕێز (وەدیع) دایە..

(ویستم بڵێم من وەدیعم و مەڕ نیم)، بەڵام ترسام دیسانەوە باعە باع بکەم و قوڕەکە خەستتر ببێ..

بەڕێوەبەر فەرمانی بە فەڕاشەکەدا:

– دەی بیبە بۆ ماڵەوە.

فەڕاشەکە.. بۆ ماڵی بەڕێوەبەری بردم.. ژنەکەی شاگەشکە بوو بۆم و منداڵە بچکۆلەکەشی کەوتەو گەمە و گاڵتە لەگەڵمدا..

بۆ ئێوارە بەڕێوەبەر قەسابێکی بێ بەزەیی، هێنا چەقۆیەکی تیژی بەدەستەوە بوو.. دەستی لە پشتم کرد و گوتی: – سەیری چ مەڕێکی قەڵەوە..

لەو چرکەساتەدا، کە بڕیارم دا هاوار بکەم من مەڕ نیم.. چەقۆی قەسابەکە ملی لە لەشم دابڕی..

سەرچاوە: کائنات صغیرة. لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی عێراق.